# صابر حەبیب ئاکرەیی دگە هیتە کاروانێ نەمرا



ل روژا 1/6/2001 دلێ هەڤالا ژیهاتی صابر حبیب بکر ل باژێرێ ئاکرێ ژ لێدانێ رادوەستیتو بەرەڤ جیهانا نەمرا دچیت. ل روژا 2/6/2001 بەرێز سەردار دهوکی ئەندامێ کومیتا ناڤینو بەرپرسێ کومیتا پاریزگەها دهوکو د گەل هەڤال محمد سیاری ئەندامێ کومیتا پاریزگەهێ ب ناڤێ ئەندامو جەماوەرێ حزبا شیوعیا کوردستان پشکدارێی دریو رەسمێن بەهیدارییێدا دکەنو سەرەخوشییێ ل کەسو کارو خێزانا هەڤال صابریو رێکخراوا حزبێ ل ئاکرێ دکەن.

هەژی گوتنێیە کە هەڤال صابر حبیب ل سالا 1944ێ ل باژێرێ ئاکرێ ژبنەمالەکا وەلات پەروەر ژ دایك دبیتو خواندنا خویا سەرتایو ناوەندی ل ئاکرێ بدوماهی دئینیتو پاشی قەستا خانەیا ماموستایان (دار المعلمین) دکەنو دبیتە ماموستاو وەکو ریڤەبەرکێ ژیهاتی یێ خوانگەها سەرتایا ئاکرێ درێژیی بکارێ خۆ دکەت جهێ خۆ دناڤ دلێ جەماوەرێ ئاکرێدا دڤەو ژێریت هەر زویکا پەیوەندیێ ب ریزێن حزبا شیوعیا ئیراقی دکەتنو ژبەر هەلویستێن وی ییێت سیاسیو تێکوشانا نیشتمانیو چینایەتی چەند جارا دهێنە گرتنو زیندانکرن.. ل پشتی سەرهەلدانێ دووبارە پەیوەندیێ ب حزبا شیوعی دکەتنو درێژیێ ب تێکوشانا خو ددەتنو هەتا کو دلاێ وی ژ لێدانێ راوەستای وەکو ئەندامو کادرەکێ چالاکێ حزبێ ل ئاکرێ درێژیێ ب خەباتو تێکۆشانا خو ددەتن.

سلاڤ بۆ گیانێ پاقژی هەڤالا نەمر صابر حبیب ئاکرەیی

# چلەی ماتەمینی مامۆستای نەمر حەمەئەمین حەسەن کاکەیی

ڕۆژی سێ شەممە 29/5/2001 سەعات (6) ی پاش نیوەڕۆ کۆڕی چلەی مامۆستای نەمر شکۆمەندانە بەڕێوەچوو لە هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێیانو دۆستانو کەسایەتی ناوداری سلێمانیو مامۆستایانو نوێنەری حزبەکانو سکرتاریەتی مامۆستایانی کوردستان، دوای بەخێرهاتنی میوانەکان، وتاری کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی حزبمان حزبی شیوعی کوردستان لە لایەن هاوڕێ نەورۆز سدیق خوێندرایەوە، پاشان وتاری بەڕێزان مامۆستا جەمال عەبدولو مامۆستا فوئاد قەرەداغیو مامۆستا حەمە ساڵح سەعیدو، وتاری نووسینگەی مامۆستایانی پیشەیی لە شاری سلێمانیو هەروەها چەندین هۆنراوەو وتاری تر خوێندرایەوەو بروسکەی لایەنە سیاسیەکانو ڕێکخراوەکان خوێندرایەوە، کۆڕەکە بە وتاری مامۆستای نەمر کۆتایی هات.

# گەشتیار

## شێخ سدیق

شەڕ لەگەڵ خۆیدا، ئاوێزانی فەنابوونی کردین، شەڕ هەموو شتێکی لەبەرچاو ناشیرین کردین، لە باخچەو گوڵەکانی عاجز کردین، پەپولەی بەردەرگای لێ تووڕە کردین، پەنجەرەکانی لە ڕووی قومـ..دا پێداخستین، ئینتمای نیشتمانی بە لاسیکی قوتابییەکانی پۆلی یەکی سەرەتایی پێ سڕینەوە، دەفتەری قوتابیەکانی پۆلی دووەمی سەرەتایی پڕ کرد لە وێنەی پەرداخەکانی خوێنو لە دار لاستیكو شکاندنی پەنجەرەی ماڵەکان، ئیحترامە شکاوەکانی مامۆستایان لە بەرگی کتێبەکانی پۆلی سێیەمی سەرەتاییدا نەخشان.

جانتای قوتابییەکانی پۆلی چوارەمی سەرەتایی پڕ پڕ کرد لە هەناسەی باروتو گیرفانەکانی قوتابیانی پۆلی پێنجەمی پڕ کرد لە فیشەکە نەتەقیوەکان، پۆلەکانی شەشی سەرەتایی پڕ کران لە دەمانچەو تفەنگ..

شەڕ هەموو شتەکانی لە بوخچەدا پێچایەوە، هەموو شتەکانی پێچەوانە کرد، ئێواران بە (سلاید) بە دیواری کۆڵانەکانەوە، عەرزی ئەکرد.. ئەوەتا لە دەفتەری قوتابییەکی پۆلی ناوەندیدا نووسراوە:

چوارشەمم وانەی
2001/5/2 مێژوو

سالی 1991 + ڕاپەڕین = ڕاونانی بەعسی
ڕاونانی بەعسی + ئازادکردنی کوردستان = بەرەی کوردستانی
بەرەی کوردستانی + هەڵبژاردن = پەرلەمان
پەرلەمان + حکومەتی هەرێمی کوردستان = جەیشی یەکگرتووی کوردستان
جەیشی یەکگرتووی کوردستان + ففتی ففتی = شەڕیناوخۆ
شەڕی ناوخۆ + دەسەڵات = کەرت بوونی کوردستان
کەرت بوونی کوردستان + دەست تێوەردان = ئەقلیم
ئەقلیم + تورکیا + ئێران = قازانجی دیکتاتۆری بەغدا
قازانجی دیکتاتۆری بەغدا + حزب = باشکردنی پەیوەندی
باشکردنی پەیوەندی + هاتوچۆ = لە بیرچوونەوەی بەعس
لەبیرچوونەوەی بەعس + چۆڵکردنی سنووری تەماس = هێرشکردنی ڕژێمی بەعس بۆ سەر ناوچەی ئازاد.

# پرسەنامە

بۆ هاوڕێی بەڕیزمان مەحموود دکتاریۆف

بەخەمو پەژارەی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشتو، دڵگرانی کردین.

هاوبەشی خەمتانینو پرسەو سەرەخۆشیمان بە بنەماڵەکەتانو هەموو کەسو کارو خزمان ڕادەگەیەنین هیوادارین ئەمە دواناخۆشی بنەماڵەکەتان بێت.

مەکتەبی سیاسی
حزبی شیوعی کوردستان
2001/5/31

# پرسەنامە

بەڕێزان بنەماڵەی کۆچکردوو د. سەلاح حەفید

بە غەمو پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دواییو ناوەختی (د. سەلاح) مان پێگەیشت، لە دەستدانی کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەرو زانای وەك د. سەلاح لەم بارودۆخەی کوردستان دا کە پێویستی زۆری بەنموونەی هەڵکەوتووی وەك ئەوان هەیە، کەلێنێکی گەورە لە ڕەوتی زانستدا دروست ئەکاتو زیانێکی زۆر بە وڵات ئەگەیەنێتو هەموو دڵسۆزان دڵگران ئەکات.

پرسەو سەرەخۆشی گەرمتان پێ ڕائەگەیەنینو ئاواتە خوازین ئەمە دوا ناخۆشی بنەماڵەکەتان بێت.

لەگەڵ ڕێزمان دا

مەکتەبی سیاسی
حزبی شیوعی کوردستان - عێراق

# خاترانە!

## محێدین عەبدوڵلا

(1)

لە دونیادا هاوکێشەیەکی نەگۆڕی لەو جۆرەمان نییە کە حزبو لایەنە گەورەکان ڕاگەیاندنێکی بەهێزیان هەبێتو، حزبو لایەنە بچووکەکان ڕاگەیاندنێکی بێهێز! چونکە ئەگەر پێوانەی گەورەو بچووکی حزب ژمارەی ئەندامەکانی بێت، ئەوە تاقە کەسێکی ملیاردێرو تاقە کۆمپانیایەك ناتوانن ڕاگەیاندنیان هەبێت، ئەگەر هەشیان بوو دەبێت ئەو ڕاگەیاندنە لاواز بێت! بۆیە منو ئەو برادەرو هەموو خەڵکی جیهان دەبینین کەناڵەکانی (CNN)و (ANN)و...تد زۆر لاوازن؟!

ڕاگەیاندنی حزبی، ئەگەر بیەوێت بە هەقیقەت ڕاگەیاندن بێتو دەسەڵاتی چوارەم بێت لە وڵاتێکدا دەبێت ئەو حزبە لەوە گەیشتبێت کە ڕاگەیاندن چییەو ئەرکەکانی چینو بۆ کێنو چ دەکات؟ لەگەڵ ئەمەشدا پەیامی ڕاگەیاندنو کادیری ڕاگەیاندن ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن لەو بوارەدا، واتە سەرکەوتوویی ڕاگەیاندنی حزبی لە چەند مەرجێك دایە:

1- حزب بڕوای بە گرنگی ڕاگەیاندن هەبێت.

2- پەیامی ڕاگەیاندن، پەیامی جەماوەر بێت.

3- کادیری ڕاگەیاندنی سەرکەوتووی هەبێت.

لە کوردستانا هەوڵ دراوە ئەم ڕاگەیاندنە حزبییە جێگای خۆی بکاتەوە. ئەمەش دۆستو نەیاری بۆ پەیداکردووە. دۆستەکانیچاویان لێیە گەورە بێتو، نەیارەکانیشی بەردبارانی دەکەن، چونکە هەست بەوە دەکەن هەرچەندە ناونیشانەکانیان یەکە، بەڵام ئەوان ناتوانن ئەو جۆرە مومارەسەیە بکەن، ئەوەشی کە نووسیبووی دوای چەندین جار پاڵاوتن بوو! بڕواشم وایە ئەو هێنانو بردنە وای کردبوو کە وای بۆ بچێت کە حزبی گەورە ڕاگەیاندنی سەرکەوتووی هەیەو، حزبی بچووك ڕاگەیاندنی لاواز!

(2)

دوژمنەکانمان جگە لە هەموو ئەو زوڵمو زۆرەی کە لێمانیان کرد، زۆر شتی چاکیان لێمان شاردەوە. هەقمانە ئەگەر دەرفەتێکی چاکیشمان بۆ بڕەخسێت نەزانین چۆن لەگەڵیدا هەڵ بکەینو مومارەسەی بکەین.

ئێمە کاتێك کە پەلاماری دوژمنی گەلەکەمان دەدا پێویستمان بە ململانێی نەبوو، بۆیە دەست لە نێو دەست بووین، بەڵام ئەوە چەند ساڵێکە پشتمان لە دوژمن کردووەو، مومارەسەی کاری نێوخۆیی دەکەین. لەو مومارەسە جیاجیایانەی نێوخۆ هاوپەیمانیو ململانێی یەکدی دەکەینو، لە سنووری شەرعیدا مافی هەموو لایەکمانە. بۆ نموونە ئەگەر هەڵبژاردن بهێنینەوە. لە هەر هەڵبژاردنێك کە لە نێوخۆی هەرێمدا دەکرێت سەرجەم حزبەکان مافی خۆیانە بەشداری لەم پرۆسەیەدا بکەن، ئەو هەڵبژاردنانە بە لیست بێت یاخود بە شێوازی تاکە کەس، حزب ئامادەگی خۆی تێدا هەیەو، هەر شێوەیەکی بە جۆرێك. کەوا بوو حزب مافی خۆیەتی پڕوپاگەندەی خۆی بکات لە هەردوو شێوازەکەی هەڵبژاردندا، ئەم مافەش بە دەستی هێناوەو پێینەبەخشراوە تاوەکو خەڵکانێك پێی ڕەوا نەبینن.

لە هەرێمی کوردستاندا تائێستا دوو هەڵبژاردنی بەرفراوان ئەنجام دراوە یەکەمیان لە ساڵی 1992، دووهەمیان بە دوو پارچەیی ئەنجامدرا لە ساڵی (2000)و (2001) کە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانە.

لە ساڵی (1992) ئەزموونێکی ئەوتۆ نەبوو لەبارەی هەڵبژاردنەوە بۆیە ڕاگەیاندن ئامادەگی بەرچاوی نەبوو، بەڵام لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان ڕاگەیاندن ڕۆڵی بەرچاو بوو، وە بە ئەرکی ڕاگەیاندنو پڕوپاگەندە هەڵدەستا. بە شێوازێکی دیکە بۆ یەکەم جار بوو ڕاگەیاندن بە ئەرکی ڕاستەقینەی خۆی هەڵبستێتو لە پەیامی پیرۆزی خۆی نزیك بێتەوە. ئاساییە خەڵکانێك ئەو شێوازەی ڕاگەیاندنیان پێ پەسەند نەبێتو بیانەوێت ڕاگەیاندن بریتی بێت لە (ڕانەگەیاندن)! لەم پێناوەشدا یەکێك بڵێت کاتی هەڵبژاردن دەرفەتێك بوو بۆ ڕاگەیاندنی حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانو ئەوی دیکەش بۆی تەواو بکات بڵێت دەرفەتێك بوو بۆ پەلاماردانی لایەنە جوانەکان!

(3)

پێوەرەکانی دەنگدان یەکنینو، لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێتو، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە. لە فەڕەنسا زیاتر لە سەد ساڵ بوو حکومەت ئاڵوگۆڕی بەسەردا دەهات ماوەیەك لە دەستی ڕاستڕەوەکان بوو، دواتر میانڕەوەکانو پاشان چەپەکانو، جارێکی دیکە میانڕەوەکانو...تد، بەڵام لەم ماوەیەدا لە هەموو هەڵبژاردنی شارەوانییەکان چەپەکان دەرنەچوون، واتە جاری وا هەبووە کە چەپ لە حوکمدا بوو، بەڵام لە شارەوانییەکان چەپ دەرنەچوون.

نموونە زۆرن لەو بارەیەوە، بەڵام نموونەی فەرەنسا بەسە بۆئەوەی بڵێین لە وڵاتێکدا کە بە هوشیارییەوە دەنگ بدرێت خەڵك لەوە نەترسێت ناکۆکی دەکەوێتە نێوان حکومەتو شارەوانییەوە، ئاخۆ بڵێی ئەو مەترسییە چەند ڕاست بێت بۆ لای خۆمان، کە پێوەرەکانی دەنگدان ئاسمانو ڕێسمانی جیاوازە؟ ئاخۆ ئەم ترسە لە دەرەوەی نووسینەکان بوونی هەیە؟ یاخود ئەو جۆرە نووسینانە بۆ خۆی جۆرە بیرکردنەوەیەکە بە ئاراستەی کوشتنی جیاوازیو ململانێ لە کۆمەڵگاداو، دواتر بۆ ڕاهێنانی خەڵکە بە کۆمەڵگای بێجیاوازی؟!

(4)

مەرج نییە ئەو حزبەی کە لە ساڵی (1992) چەندی دەنگ هێنا بێت، ئیتر لە هەر هەڵبژاردنێکی دیکەدا ئەو دەنگانە بهێنێتەوە. چونکە هەندێك حزب لەو کاتەدا دانەمەزرابوون ئێستا ڕێژەیەکی زۆری دەنگ دەهێنێتو، ئەو حزبانەی کە لە هەڵبژاردنی پەرلەمان لە سەرتاسەری کوردستان ڕێژەیەکی دیاریکراوی دەنگی هێناوە ئێستا تەنها لە شارێکدا لەو ڕێژەیە زیاتر دەهێنێت. کەوابێ ڕێژەی دەنگەکان وەکو ساڵی (1992) نەماوەتەوەو نامێنێتەوە.

دەنگ بە دەستهێنانو دەرچوون جیاوازییان هەیە. زۆر ئاساییەو هیچ حیکمەتێکی تیا نییە لە ڕۆژهەڵات لەو وڵاتانەی کە هەڵبژاردنی تێدا ئەنجام دەدرێت بزانیت کێ دەردەچێت، چونکە ئەوەندە ماوەتەوە بۆ ڕۆژی هەڵبژاردن کە دەرچووان ڕابگەیەنرێتو، پێشتر هەموو شتێك یەکلابۆتەوە!

تەنانەت هەندێك پێیان وایە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی ڕۆژهەڵات وەکو ئەنجام نەدانێتی! لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەموو جۆرە هەڵبژاردنێك بۆ گەلی کورد واتای دیکەی هەیە، جیا لە دەرچوونو دەنگهێنان، کە پەیوەستە بە ڕەهەندە ستراتیژییەکانی بۆ ئایندەی نزیكو دوور.

(5)

ڕەخنە ڕۆحی ڕاگەیاندنە، ڕەخنەی بونیادنەرانە لایەنی جوانی ڕاگەیاندنە پەلاماردانی لایەنی جوانو بەهەشتی ڕاگەیاندن لە مێژوودا زانراوە کێ کردوویەتیو کێ پێیهەڵساوە، بۆچی؟!

مومارەسەکردنی ڕەخنە، گومانو ئینتیمای جیاجیات بۆ دەدۆزێتەوەو دروست دەکات. کە دوا ئینتیماو گومانو داوا ئەوەیە ئەوەی مومارەسەی لایەنی جوانی ڕاگەیاندن دەکات ئەگەر خاتر نەگیرێت دەبێت بدرێت بە دادگا!

# ڕاگەیاندراو

لە بەرواری 24/5/2001 لیژنەی ئامادەکاری عێراقی بۆ پانزەهەمین فیستیڤالی قوتابیانو لاوان لە جەزائیر کۆبوونەوەی دووەمی خۆی لە سەر خاکی نیشتمان، لە شاری سلێمانی گرێدا، کە تیایدا دەیان ڕێکخراوی دیموکراسی عێراقیو کوردستانی ئامادەبوون. کۆبوونەوەکە تاوتوێی ئەوەی کرد کە لەماوەی هاتنەکایەی لیژنەی ئامادەکار ئەنجام درابوو. هەروەك بڕیاردرا دوو ڤیستڤالی ڕۆشنبیری لە شاری هەولێرو سلێمانی لە ماوەی 15/6تا30/6 سازبدرێن.

هەروەها دیراسەی پلانی کاری داهاتوو کراو، ئەرکەکان لەنێو لیژنەدا دابەش کران. بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندیان بەلایەنی گفتوگۆکردنو ئەو باسانە هەیەکە لەلایەن لیژنەی نێودەوڵەتیەوە خرانە ڕوو.

ئەندامانی لیژنەی ئامادەکاری عێراقی سوپاسی زۆریان ئاراستەی هاوکارانیان لە لیژنەی ئامادەکاری دەرەوەی نیشتمان دەکەن بۆ ئەو ئەرکو ماندووبوونو چالاکیانەی کە داوایانە بۆ پشتگیریو بەشداری کردنی هەموو هاوکارانمان لە ڤیستڤالەکە لە ناوەوەو دەرەوەی نیشتمان.

بەم بۆنەیەوە داوا لەگشت هاوکارانمان، لە ناوەوەو دەرەوە دەکەین بۆ خۆ تەیار کردنی پێش وەختو باش لە پێناوی بەشدارییەکی چالاکانەو بەکار لەم فیستڤالە جیهانییە، کە بوارێکی بەکار لەم فیستیڤالە جیهانییە، کە بوارێکی گرنگ دەرەخسێنێ بۆ خستنەڕووی ئازارو مەینەتییەکانی لاوانو قوتابییانمان لە ژێر سایەی گەمارۆی سەختی نێو دەوڵەتیو دێوەزمەی دەسەڵاتی دیکتاتۆری لەسەر گەلی عێراقمان.

- یەکێتی لاوانی دیموکراتی عێراق
- لاوانی ئازادیی کوردستان
- یەکێتی قوتابیانو لاوانی ئاشوری کوردستان
- یەکێتی گشتی قوتابیان لە کۆماری عێراق
- کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان
- یەکێتی لاوانی دیموکراتی لە کوردستانی عێراق
- یەکێتی قوتابیانو لاوانی پارێزگاران
- یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان- عێراق
- ڕاپەڕینی قوتابیانو لاوانی کوردستان
- بزووتنەوەی کرێکارانی سەندیکایی دیموکراتی عێراق

لیژنەی ئامادەکاری عێراق
عێراق- کوردستان
2001/5/24

# کوتەکەکەی ژێر عەباکەی سەدامو هەواڵەکەی ڕۆژنامەی ...!

م/ سەربەست

ئەگەر چاوێك بە مێژووی گرتنە دەستی دەسەڵاتی ڕەشی ڕژێمی بەعس لە عێراقدا بگێڕین، ئەوا ئەم مێژووە جگە لە تۆقاندنو سەپاندنی دەسەڵاتی تاکڕەوییو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بنەماڵەی دیکتاتۆرو حزبی فەرمانڕەوا هیچ شتێکی تر بەرچاو ناکەوێت، چونکە ئەم ڕژێمە هەموو ئەو دەردەسەریو کوێرەوەریانەی کە بەسەر گەلانی عێراق بە گشتیو گەلی کورد بە تایبەت هێنانی هەر لە پرۆسەی ئەنفالو کیمیابارانو بە عەرەب کردنو بە بەعس کردن (تەعریبو تەبعیس) و ڕووخاندنی چەندین شارۆچکەو هەزارەها لادێی کوردستانو وێرانکردنی ئەو شوێنانەی کە سیمای نەتەوایەتی گەلی کوردی پێوە دیارەو سڕینەوەی سیمای گەلی کورد ئەوپەڕی نیشانەی دیکتاتۆریو دڕندەیی ئەو ڕژێمەیە. بۆیە هەر کارێك کە ناوی دیموکراسیو مافی مرۆڤی لێ بنرێ لەژێر سایەی ڕژێمی بەعسدا ئەوە تەنیا سیناریۆیەو بۆ چەواشە کردنی ڕای ناوخۆو دەرەوەیە.

ڕژێمی بەعس بەم کارەی بۆی هەیە هەندێك لە ناوەندەکانی دنیا بشێوێنێ وا دەربخا کە ڕژێمێکی دیموکراسییەو پیادەی دیموکراسیەت دەکات.

بەڵام نابێت دەزگاکانی ڕاگەیاندنی لای خۆمان بشێوێنێو بیانکاتە ئەو تەڵەیەوە. بۆ نموونە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 25/5/2001 ڕۆژنامەی .. کە زمانحاڵی هەواڵی کۆنگرەی (12) حزبی بەعسی لە عێراق دا بڵاوکردۆتەوە، ڕۆژنامەی نابراو دەڵێ:" لە کۆنگرەی (12)ی حزبی بەعس لە عێراق جارێکی تر سەدام بە ئەمینداری گشتی حزبە هەڵبژێردراو قوسەی کوڕە بچووکی سەدام بە ئەندامی سەرکردایەتی قوتری حزبو ئەنجومەنی شۆڕش ناونرا. لە هەمان کات دا حەوت کەس لە ئەندامانی سەرکرادایەتی حزب لادران". لەگەڵ ڕێزمدا ئەو ڕۆژنامەیە دەڵێ هەواڵەکەی لە ڕۆژنامەکانی حزبی بەعسەوە وەرگرتووە. دەنا دەبوایە پەلاری (تەعلیق)ی خۆی هەبوایە لەسەر سیناریۆکەی سەدامو ڕژێمی بەعس.

دەنا سەدامو دیموکراسی لە لایەکەوە زۆر دوون، لە لایەکی ترەوە هیچ خۆشیان بە یەك دا نایەو تەنانەت چارەی یەکتریان ناوێت. بۆیە دووبارە دەڵێم حەق نییە نە ڕۆژنامەی یەکگرتوو نەهیچ دەزگایەکی ڕاگەیاندن لای خۆمان هەواڵی لەو چەشنە بەبێ تەعلیق بڵاوبکاتەوە، چونکە لە سایەی ئازادیو حکومەتی خۆماڵی دا نەوەمان هەیە تەمەن پانزە ساڵەو ئەو نەوانە ئاشنایەتییان نییە بە ڕژێمی بەعس دەبێت ئاگاداریان بکەینەوە، چونکە گەورەکان ڕاستی سەدامو بەعس دەناسنو لە پێش چاویانە.